عەبدوڵلا سەمەدی

## چ خۆش دەورێکە، هۆشیاری خەرابە!!

خەوتان پێ چییە؟! عالەمی بێخەبەری؟! بەداخەوە زۆر لە هەڵە دان! خەو عەینی وشیارییە. ئەگەر لێم بە ئیراد نەگیرێ، دەڵێم چەند هەنگاویش ئەوبەرترە.

توخوا کەمن ئەو کەسانەی کە تەنیا شەوێك و بە تاکە خەونێك ئاڵوگۆڕێکی مەزن بە سەر ژیانیاندا هاتووە؟ هەر سووکە ئاوڕێك لە مێژوو بدەنەوە و دەیان و سەدان کەسایەتی گەورە ببینن، کە لە دنیایەکی بچووك و تەنگەبەرەوە بۆ دنیایەکی بەربلاو و مەزن ژیانیان گۆڕاوە و بوونە پیاوێکی دی.

با دوور نەڕۆین، هەر بابەتاهیری خۆمان یەکێك لەو کەسانە بوو. بەیانییەك کە لە خەو هەستا، بە دەنگی بەرز هاواری کرد: " أمسیت کردیاً و أصبحت عربیاً ". بەم جۆرە ، دوێکە دارفرۆشێکی کورد بوو کە هەڕڕەی لە بڕڕەی نەدەکردەوە،ئەمڕۆ فەیلەسووفێك بوو کە بە عەرەبییەکی فەسیح ئەوی دەیگوت نەیدەگوتەوە!

رەنگە لە بیرتان مابێ، لاپەڕەکانی گۆڤار و رۆژنامەکانی چەند ساڵ لەمەوبەر ، پڕوپاگەندەیەکیان تێدابوو بە ناوی « انگلیسی را در خواب بیاموزیم » واتە؛ لە خەودا ئینگلیسی فێر بین. ئیدی پێویست نەبوو دانیشی و وشە بە وشە کاتی خۆت بە فیڕۆ بدەی و شت فێر بی. شەوێ خرپ بۆی دەنووستی، لە شەقەقەی نیوەشەوێدا خەونێکت دەدی و بەیانی ویلیامشکسپیر دەسکی لە دوو نەدەکردی!

بەڕاستی بنیادەم گیانلەبەرێکی سەیر و سەمەرەیە! باری سووك هەڵناگرێ! رێگای ئاوا هاسانی لەبەرە، کەچی هێشتا ساویلکەی وا هەن، کە ئەو پووڵە بێزمانە لە گیرفانی کتێبفرۆش و ئەم و ئەو دەکەن و ئەو خەوە شیرنە لەخۆ حەرام دەکەن و دڵیان خۆشە، کە موتالا دەکەن و شت فێر دەبن!!

کێ چووزانێ؟! رەنگە ئەوانە قەت خەون نەبینن. چیتان لێ وەشێرم؟ منیش یەك لەو لێقەوماوانەم کە بە دوو ساڵیش خەونێك نابینم. کە دەڵێم بە دوو ساڵیش خەونێك نابینم، مانای ئەوەیە؛ زۆر بە دەگمەن خەون دەبینم، بەڵام ئەو خەونانە نین کە مامۆستا و شاعیر و نووسەریان لێ ساز دەبێ. زۆر بێسەر و بنن و پتر وەخەونی ئاڵۆز دەچن.

حەکایەت و چیرۆك و داستانە فولکلۆرییەکانیش پڕن لەم راستییە، کە خەو لە وەخەبەری باشترە. قارەمانی داستان لە ئەوپەڕی تەنگ و چەڵەمەییدا، لە بن دارێك خەوی لێدەکەوێ و خەونێك دەبینێ و پاشان گیر و گرفتەکانی یەك لە دوای یەك دەکرێنەوە.

ئەوەتا لە ئەفسانەی کوردی خۆماندا " ئەحمەد ترسەنۆك " کە زۆر لە رێوی دەترسێ، دوای خەونێك دەبێتە " ئەحمەد پاڵەوان " و دەچێتە شەڕی حەوت دێوان.

چاخی ئێمە چاخی خەون و زانستە. خواشکور، ئێمەش خەونپێداوی باشمان خەریکە تێدا هەڵدەکەوێ. بە دەوری خۆتاندا بڕوانن، کەم نین. تەنانەت هەندێکیان کاری زۆر گەورەیان کردووە و هەنگاوی گەورەتریشیان لە پێشە. تەنیا عەیبێکی بچووکیان هەیە، ئەویش هەندێ بەرچاوتەنگ و حەسوودن. هەڵبەت ئەوەش بەداخەوە لە ناو ئێمەدا بووتە روحێکی نەتەوەیی و چاومان بە یەکتر هەڵنایا. ئەگینا ئەگەر بە دڵێکی فراوانەوە ئەزموونەکانیان بخەنە بەردەست هاووڵاتییان و رازەکانیان ئاشکرا بکەن، ئەوە دەرگایەکی گەورە بەرەڕووی لاوەکان دەکەنەوە و لە شەو و شەونخوونییان رزگار دەکەن. رەمزی گەشەکردن و پێشکەوتنی دراوسییەکانمان لەوەدایە کە وەکی ئێمە ئێرەیی بە یەکتر ناخوازن و چاوچنۆك نین.

ئەوەتا یەکێك لەو " ئەحمەد پاڵەوان " انەی فارس، کە لە گۆشەی بازاڕی شارێك بە زێڕینگەرییەوە خەریکە و کۆلکە سەوادێکی بەشی ئەوەی هەیە کە دەفتەری قەرز و قۆڵەکانی پێ بنووسێ، زۆر بە دڵێکی ئاوەڵاوە رازی خۆی دەدرکێنێ و لە پێشەکی دیوانی شێعرەکانیدا دەنووسێ: سەوادێکی وام نەبوو، شەوێك خەونێکم دیت، پیاوێکی نوورانی بە ناوی " ئوستاد محەممەدی سکاکی هەمەدانی "م هات لە خەوەوە. تفێکی لە زاری کردم و رۆیی. بەیانی کە هەستام، لە سەرجەمی زانیارییەکانی سەردەمی خۆم شارەزا ببووم. دەستم دایە قەڵەم و لە ماوەیەکی کورتدا ٣٠ بەرگم کتێب نووسی!

پێتان وایە گاڵتە دەکەم؟! فەرموون ئەوە ناو و نیشانی کتێبەکە: **کلیات دیوان اشعار حاج اکبر حسن‌زاده" سیاه قلم خراسانی "، شامل غزلیات، رباعیات و پندیات. از انتشارات؛ چاپ دقت مشهد، چاپ دوم، ۶۰۰ صفحه، جیبی، سال ۱۳۵۴، بها ۱۲۰ ریال، شمارهٔ ۶۳۷ مورخ ۵۴/۶/۹ ، ثبت ادارهٔ فرهنگ و هنر.**

ئەحمەدی شاملوو، ساڵی ١٣٥٨ لە لاپەڕە ١٣٣-١٣٦ی ژمارە ٢٢ی" کتاب جمعە " دا، بەشێکی لەو کتێبە نەقڵ کردووە تاکوو لاوەکان کات و تەمەنی بە نرخی خۆیان چیدی بە فیڕۆ نەدەن و تەنیا هەوڵ بدەن خەونێك ببینن. ئیدی تەواو، پاڵەوە دەن و لە سەرکەوتنەکانی یەك لە دوای یەکی خۆیان بڕوانن. پێویست ناکا دیوانی شاعیرەکان دێڕ بە دێڕ، بە شەرح و لێدوانەوە بخوێننەوە. وەك ئاوی دۆشی حەمام تەبعیان رەوان دەبێ و بۆ سەر پێشاویش دەبێ دەفتەر و قەڵەم لە گەڵ خۆ بەرن. دەتوانن بە راشکاوی لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا بەشداری بکەن و بە یارمەتی پاسناوی* غەیبی، وەك ئاشی کرێوە *سوخەنرانی* بکەن و مێژووی چالاکییە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانیان بەرنەوە دوو ساڵ بەر لە دایکبوونیان!

کەوایە خەون بە کەم مەگرن. با ئاوڕێك لە وتەکانی *سیاه قلم بدەینەوە*؛ " ل٥٩٦، هەڤپەیڤینی شاعیر لەگەڵ خۆی ":

**پرسیار**: ناوتان چییە؟

**وەڵام:** ئەکبەر، شۆرەت حەسەنزادە، ناسراو بە سیاە قەڵەم.

**پ:** سیاە قەڵەم یانی چی؟

**و:** سیاە قەڵەم چەشنێك میناکارییە کە لە سەر زێو دەکار دەکرێ. سنعەتکارانی باشوور چاك لێی شارەزان.

**پ:** باوکتان چکارە بووە؟

**و:** باوکم دارتاشێکی لێهاتوو بوو، کە بە قەوڵی ئەمڕۆ پێی دەڵێن دیکۆڕاسیۆنسازی.

**پ:** مامۆستای تۆ کێ بووە؟

**و:** شەوێك لە خەونمدا " ئوستاد محەممەدی سکاکی هەمەدانی " عیلمی ریازیاتی فێر کردم. پاشان مەشهەد و شارەکانی ترم پشکنی و هەر مامۆستایەکی شتێکی دەبارانـدابوو هەڵمچۆڕاند. هەڵبەت وەك زیخو چەو پووڵم خەرج دەکرد.

**پ:** ئێوە چەند ژن یا منداڵتان هەیە؟

**و:** من تا ئێستا دوو جار بوومە زاوا. دوو دەنك کچ بەرهەمی ئەوینی هەوەڵم بوو. پاشی ۳ ساڵ سەرلەنوێ لەگەڵ ئەشرەف ناوێك زەماوەند قەوما، کە هەنووکەش لە ماڵی مندایە. بەرهەمی ئەم ئەوینەش بووەتە کوڕێك و چوار کچ. [شێوەی ڕستەبەندییەکە دەستکاری نەکراوە و هی شاعیرە]

" ل۳، ژیاننامەی شاعیر، بە قەڵەمی خۆی ":

ئاغای حاج ئەکبەر حەسەنزادەی سیاە قەڵەم، یەکێك لەو کەسایەتییە دەگمەنانەیە کە لێهاتوویی‌یەکی لە رادەبەدەری بۆ فێربوونی زانست و زانیاری هەیە. ناوبراو موتاڵایەکی زۆری کردووە و گەلێك کتێب و گۆڤار و رۆژنامەی خوێندووەتەوە و بابەتگەلی زانستیشی لە رادیۆ بیستووە. ئەمجار سەرجەم ئەوانەی لە بیر و زەینی خۆیدا تۆمار کردووە و بەرە بەرە کتێبی نووسیوە تاکوو گەیاندوویەتە ۳۰ بەرگ لە بابەتەکانی جۆراوجۆری زانستیدا، وەك: هەیئەت، نجووم و ئەستێرەناسی. هەرچەند لە شێعردا نەیگەیاندووەتە سەعدی و حافز و خەییام و رەهیموعەییری، بەڵام لە شێعرەکانیدا ئوسلووب و شێوازی خۆی لەگەڵ ئەوان لێك داوە. ئاغای حاج ئەکبەر حەسەنزادە پیاوێکی خۆڕاگر، بە زیپكوزاکون و لێهاتوویە. گەرچی خوێندنی بەرزی نییە، بەڵام سەیر بە سەر *سوخەنرانی*دا زاڵە. ژیانی ئەو هەمیشە لە گێرە و کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە دوور بووە. لەگەڵ پێشکەوتنی زەمان دەڕواتە پێش و قەت لە خۆوە نادوێ. جارێ بە کاری بووتیك و زێڕینگەرییەوە خەریکە.

*ئۆباڵی سیاە قەڵەم بە ئەستۆم، نەیگەیاندووەتە " ئەحمەد پاڵەوان "ەکانی خۆمان.*

---

* **پاسناو:** ئامرازێکی ئاشی ئاوە، بریتییە لە دارێکی درێژ کە ئاشەوان لە دوورەوە دەیخاتە بەر **بەرداش** و بەم کارە خولی بەردەکە پتر دەکات و بەرداش توندتر دەسوورێ. هەڵبەت تا بەرداش توندتر بسوورێ، گەنمێکی زیاتر دەهاڕێ، بەڵام درشت و خراپ.